## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




# راپۆرتێک لەبارەی:

# بەڕێوبەرایەتی
# پۆستە و گەیاندنی گەرمیان

حوزەیرانی 2024

## پێشەکی:

بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنی گەرمیان، ســەر بە وەزارەتی گواســتنەوە و گەیاندنــی حکومەتی هەرێمی کوردســتانە، ئەرکی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە لە بواری پۆستە و گەیاندن دا.
لــەم راپۆرتەدا وردتر لەســەر کار و ئەرکــی بەڕێوبەرایەتییەکە و کێشەکانیان دەوەستین.

## بەشی یەکەم: ئیشوکارەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان

### ١. ناساندنی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان

بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان لە ســاڵی ١٩٩٦ دامــەزراوە، ســەرەتا بەنــاوی بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنی کەرکــوک بوە و بارەگاکەی لە قەزای دەربەندیخان بوە، لەســاڵی ٢٠٠٤ بارەگاکەی گواســترەوەتەوە بۆ کەلار بوە بە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان.
ئەم بەڕێوبەرایەتیە دو نوســینگەی هەیە: کەلار و کفری، هەروەک خــودی بەڕێوبەرایەتیەکــەش خــۆی لــە ٧ هۆبــەدا دەبینێتەوە: (کارگێڕیــی، یاســایی، وردبینی، ژمێریاری، تەکنیک، پۆســتە و ئایتی).
ژمــارەی تێکــڕا فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنی گەرمیان (٨٩) فەرمانبەرە (٢٦ فەرمانبەر لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، ٢٨ فەرمانبەر لە نوسینگەی پۆستە و گەیاندنــی کــەلار و ٣٥ فەرمانبــەر لــە نوســینگەی پۆســتە و گەیاندنی کفری).
کاری ســەرەکی ئەم بەڕێوبەرایەتییــە دابینکردنی خزمەتگوزارییە لــە بواری پۆســتە و گەیاندندا، لە بــواری گەیاندن دا دابینکردنی خزمەتگوزاری مۆبایل و ئینتەرنێتە، لە بواری پۆستەدا گواستنەوە و هێنان و بردنی پۆســتەی فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان و هاوڵاتیانە لە نێوان شارەکانی گەرمیان و هەرێم و عێراق و دەرەوەی وڵاتیشدا.

### ٢. خزمەتگوزارییەکانی بواری پۆستە

#### ا. جۆرەکانی پۆستە

خزمەتگوزارییە بەردەســتەکانی پۆســتە لە گەرمیــان دو جۆرن: پۆستەی تۆمارکراو و پۆستەی ئاسایی.
«پۆســتەی تۆمارکراو وەســڵی هەیە کە دەتوانیــن بەدواداچونی بۆ بکەین، ئەگەر نەگەیشــتە شــوێنی خۆی فەرمانگەکان دەتوانن لەرێگەی وەســڵی تۆمــاری پۆســتەکەیەوە ئاگادارمــان بکەنەوە کە پۆســتەکە بۆ نەگەشــتوەتە شــوێنی مەبەست، بەو پێیەی کە پۆســتەی تۆمارکراودا ژمارەی دەخرێتەســەر بە پێی سیســتەمی ژمێرکاری پۆســتەیی «ن×ام حوســبە البریدیە« کە دەتوانین لەو رێگەیــەوە ئاگاداریان بکەینەوە کە بەریدەکەیان گەشــتوەتە ئەو جێگایە و ئەو کەســە وەریگرتوە». یوســف غەفــور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، وای وت.
وتیشــی: جۆرێکی دیکە پۆســتەمان هەیە کە ئاساییە، ئەم جۆرە پۆســتە وەریدەگرین و ژمارەی دەخەینەســەر، لەلایەن خۆمانەوە ئەتوانیــن ئەو لایەنــە ئاگاداربکەینــەوە کە ئەوەندە پۆســتەمان بــۆ ناردون، هەر پۆســتەیەک نێرەر «ارسالیە»ــی خۆی هەیە و ئەتوانین تەنها ژمارەی لەسەر دابنەین.
هێما بۆ ئەوەشدەکات: لە ئێستادا نوسراوی فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان گرنگیش نەبێت تۆمارکردنی بۆ دەکرێت و بە شێوازی تۆمارکــراو دەینێرین، بۆئەوەی بەدواداچونی بۆ بکەین بەو پێیەی بەدواداچونکردن بۆ پۆســتەی تۆمارکراو ئاســانترە لە پۆســتەی ئاسایی، لەبەر ئەوەی ژمارە و کۆدی ریجستەری لەسەر دادەنرێت، لەم رێگایەوە ئەتوانین بزانین کە پۆستەکە گەیشتوە یاخود نا.

## ب. ئاماری پۆستەی هاتو و ڕۆشتو

لـەم لیسـتەی لایخـوارەوە ئامـاری پۆسـتەی هاتو و ڕۆشـتوی بەڕێوبەرایەتـی پۆسـتە و گەیاندنـی گەرمیـان بۆ سـاڵی ٢٠٢٣ دەخەینەڕو:

| مانگەکان | نامەی تۆماری ڕۆشتو | نامەی تۆماری هاتو | نامەی ئاسایی ڕۆشتو | نامەی ئاسایی هاتو | پێچراوی روزمەی ڕۆشتو بە کگم | پێچراوی روزمەی هاتو بە کگم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دوەم | 639 | 358 | 15 | 173 | 0 | 1.340 |
| شوبات | 477 | 281 | 28 | 144 | 0 | 0.000 |
| ئازار | 425 | 258 | 41 | 149 | 0 | 3.560 |
| نیسان | 476 | 308 | 44 | 112 | 0 | 11.293 |
| ئایار | 574 | 393 | 65 | 143 | 0 | 7.558 |
| حوزەیران | 406 | 279 | 65 | 151 | 0 | 0.918 |
| تەموز | 454 | 294 | 79 | 136 | 0 | 1.806 |
| ئاب | 436 | 304 | 27 | 167 | 0 | 19.343 |
| ئەیلول | 277 | 212 | 24 | 44 | 0 | 0.320 |
| تشرینی یەکەم | 453 | 283 | 29 | 112 | 0 | 11.933 |
| تشرینی دوەم | 450 | 273 | 35 | 124 | 0 | 18.309 |
| کانونی یەکەم | 428 | 202 | 20 | 100 | 0 | 0.142 |
| کۆی گشتی | 5495 | 3445 | 472 | 1555 | 0 | 77 |

تێبینی:

مەبەسـت لە «روزمە»ی هاتو کە پێچـراوی بچوکی پێدەڵێن، لە دەرەوەی وڵاتەوە دێت و لە یاسـای پۆسـتە لە ١ گرام تا ٢ کیلۆ گرام پێی دەوترێت «روزمە» واتا پێچراوی بچوک.

هەرچی پێچراوی «روزمەی» هاتووە، مەبەسـت لەو پۆستەیە کە لە ٢ کیلۆ و یەک گرامەوە دەستپێدەکات هەتا سەرەوە.

## ت. پۆستەکان زۆربەیان هی دامودەزگا حکومییەکانن

بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دو نوسینگەی هەیە لە کەلار و کفری، کاری ئەم نوسینگانە گەیاندنی پۆستەیە بە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان و دابەشکردنی پۆستەی هاتو.

بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: کاری ئەم دو نوسینگەیەمان ئەوەیە ئەو پۆستانەی کە دەچێتەلایان کۆی دەکەنەوە و دەیهێننە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان پاشان دەیگوازینەوە بۆ سلێمانی.

هاوکات ئەحمەد رەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کفری، دەڵێت: ئەو پۆستانەی کە لەلایەن فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکانەوە دێتە لای ئێمە کۆیاندەکەینە و هەفتەی جارێک گوێزەرەوەی پۆستەمان هەیە و سەرجەم پۆستەکان دەبات بۆ بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان.

«ئەو پۆستانەی کە لەسەرجەم فەرمانگەکانەوە دێتە نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار هەمویان وەردەگرین، پێچانەوەیان بۆ دەکرێت و ئامادەیان دەکەین، پاشان رادەستی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیانی دەکەین، ئەوانیش خشتەی بۆ دەکەن و دەینێرن». یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستەو گەیاندنی کەلار، وای وت.

وتیشی: ئەو فەرمانگانەی پۆستەمان بۆ دەنێرن دەبێت مۆری فەرمانگەکە لەسەر زەرفەکە بێت، ئێمەش کە وەریدەگرین مۆری لێدەدەین کە بەپێی رێکەوتی «بەرواری» رۆژەکەیە کە وەرمانگرتوە، رێکەوتەکەش هەمو رۆژێک دەگۆڕێت، کە پۆستەکە دەردەچێت لای ئێمە مۆری ئەو رۆژەی لێدەدەین.

یوسف غەفور، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: سەرجەم فەرمانگەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان پۆستەمان بۆ ئەهێنن، ئێمە لێرە تۆماری دەکەین و پاشان دەیدەینە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، ئەوانیش دەینێرن بۆ سلێمانی و لەوێشەوە دابەش دەکرێت و بۆ شار و ناوچەکانی دیکە، ئەو پۆستانەشی لە سلێمانی و هەولێر و شارەکانی دیکەوە بۆمان دێت دابەشی دەکەین بەسەر فەرمانگەکاندا، بۆ هەریەکە لە کەلار، رزگاری، قۆرەتو، باوەنور، کوڵەجۆ، خانەقین و تا پەروێزخانیش.

سەرباری ئەوەش هێشتا هەمو دەزگا حکومییەکان پۆستەکانیان نادەن بە نوسینگەکانی پۆستە بۆ گواستنەوەیان.

یوسف غەفور، لەوبارەوە وتی: هەندێک لە فەرمانگەکان کەمتر پۆستەکانیان دەهێنن یان هەیە پەلەیەتی و خۆی دەینێرێت، ئەگەرچی ئێمە نوسراومان کردوە بۆ ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەت کە پۆستەکانیان لە رێگەی ئێمەوە بنێردرێت، چونکە گرنتیی زیاترە و تێچوی کەمترە.

لەبارەی ئەوەی کە تاچەند هاوڵاتیان پۆستەکانیان دەبەنە نوسینگەکانی پۆستە لە شارەکان، بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: پۆستی هاوڵاتیمان زۆر کەمە، خەڵک پۆستمان بۆ بهێنن دەیگەیەنین بۆیان، کە نایهێنن دیارە ئامرازی خێراتر و باشتریان هەیە.

## پ. ناردنی پۆستە بۆ عێراق و هەرێم کراوەیە و بۆ دەرەوەی وڵات راگیراوە

یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: لە پێشودا پۆستمان بۆ دەرەوەی وڵات هەبوە بۆ سەرجەم وڵاتان پۆستمان دەنارد، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە راگیراوە و تەنها پۆستمان بۆ دێت نەک ئەوەی لێرەوە پۆست بنێرین بۆ دەرەوەی وڵات.

لەبارەی هۆکاری راگرتنی پۆستی دەرەوەی وڵات، بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: هۆکارەکەی لای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنە کە پێمان راگەیەنراوە پۆستی دەرەوەی وڵات وەرنەگرین، کەی پێمان بڵێن پۆستی دەرەوە وەربگرن وەریدەگرین و ئێمە ئامادەین کێشەمان نییە.

لە بەرامبەریشدا، یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: بەردەوام رۆژانە پۆستی دەرەوەی وڵات بۆ هاوڵاتیان و دامودەزگا و پزیشکەکانمان بۆ دێت، کە هەموی ناونیشانی لەسەرە و ئێمەش بەپێی ئەو ناونیشانە دابەشی دەکەین بەبێ بەرامبەر.

شێرزاد محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی پۆستە لە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد راگیرانی پۆستەی دەرەوەی وڵات زیانی هەبوە لە روی کەمبونەوەی داهاتیانەوە «پێشتر کە پۆستی دەرەوەی وڵاتمان هەبو لە مانگێکدا ملیۆنێک دینار یان زیاتر داهاتمان دەبو، بەڵام ئێستا ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار دینارە«.

هاوکات ئەحمەد رەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کفری، دەڵێت: هاوڵاتیانی عەرەب کە خەڵکی ناوچەکانی خوارن، پۆستەکانیان بۆ ناوچەکانی خواروی عێراق لەنمونەی شارەکانی: (بەسرە، کەربەلا، نەجەف و ..هتد) دەهێننە لای ئێمە و بۆیان دەگەیەنین لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر و لە هەولێریشەوە دەبرێت بۆ بەغداد پاشان دابەشی دەکەن بەسەر شارەکاندا.


## ج. بەدواداچون بۆ گەیشتنی پۆستەکان

یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، هێمای بۆ ئەوەکرد: ئەگەر پۆستێک نەگاتە شوێنی خۆی ئێمە دەتوانین پەیوەندی بە هەولێرەوە بکەین پرسیاریان لێبکەین کە ریجستەری ژمارەی ئاماژەپێکراو گەشتوەتە کوێ؟ هەولێریش پێمان دەڵێت لەو ڕێکەوتە نێردراوە بۆ پۆستەی بەغداد، چونکە ئەوان پەیوەندییان هەیە لە گەڵ بەغداد و ئەگەر پۆستەکە دوابکەوێت ئێمە بەدوایدا دەچین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی نەگەیشتوە؟

## ح. پاراستنی تایبەتمەندیی پۆستەکان

بورهان عەبدولڕەحمان، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە وگەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: ئەو پۆستانەی لەرێگەی بەڕێوبەرایەتییەوە دەگوازرێتەوە، لە هیچ بازگەیەک پۆستی ئێمە نابێت بکرێتەوە و کردنەوەی بۆناکرێت، زۆربەی لایەنەکان ڕێز لە پۆستە دەگرن.

یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: پۆستە لەرێگەی ئێمەوە دەستکاریی ناکرێت، چۆن وەرگیراوە بەو شێوەیە دەگەیەنرێتە شوێنی مەبەست.



## خ. نرخی پۆستە

نرخی پۆستەکان بەپێی کێشیان دیارییکراوە.
یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: نرخی پۆستەکان بەپێی کێشیانە، پارەکەش بە پێی پولی پۆستە لێیان وەردەگرین کە ئێمە پولی پۆستەمان هەیە بۆهەر دامودەزگایەک کە دێن دەیکڕن و ئەو کاتەی پۆستەکە دەهێنن بە بەرچاویانەوە دەیکێشین و بەپێی کێشەکەی پولی پۆستەی پێوەدەنێین، پولیش جۆری زۆرە کە (٢٥٠، ٥٠٠، ٧٥٠، ١٠٠٠ و ٥٠٠٠) دیناریيان هەیە. پولیش فەرمییبونی پۆستەکە دەگەیەنێت، ئەگەر پۆستەکە پولی پێوە نەبێت واتە فەرمیی نییە، بەپێچەوانەشەوە بونی پولەکە دەیسەلمێنێت کە لە فەرمانگەی پۆستەوەیە.
دەشڵێت: نرخەکانیش بەمشێوەیەن :١٠ گرام بە هەزار دینارە، ٢٠ گرام بە ١٥٠٠ دینارە، کە هەمو ئەمانەش بە سیستەمی کۆمپیوتەری بەپێی سیستەمی ژمێرکاریی پۆستەیی «نظام حوسبە البریدیە» ئەنجام دەدرێت و بڕ و کێشی پۆستەکە دەدەین بە سیستەمەکە و خۆی نرخەکەی دیاریی دەکات و ئێمەش بەگوێرەی بڕی پارەکەی پولی پێوەدەلکێنین.

## د. پۆستە لە کەرتی تایبەت دا

جگە لە پۆستە و گەیاندنی حکومیی، ژمارەیەک نوسینگە و کۆمپانیای ئەهلییش هەن کە لە سنورەکەدا کاری گەیاندنی پۆستە دەکەن.
شێرزاد محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی پۆستە لە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: نوسینگەکانی پۆستە بۆلای ئێمە نایەن، زۆربەیان ئەبێت ڕێنمایی ئێمەیان هەبێت، بەڵام نایەنە لای ئێمە، بۆ ئەمەش ئەبێت ئیدارەی گەرمیان ڕێنماییان پێبدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێمەوە نوسینگەکانی پۆستە بکرێنەوە.
دەشڵێت: تائێستا تەنها یەک نوسینگەی پۆستە هاتوەتە لامان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، زۆربەیان نایەن و هیچ چاودێرییەکمان نەبوە بەسەریانەوە .
لە بەرامبەردا، بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، لەبارەی شێوازی مۆڵەتپێدان بەو نوسینگە و کۆمپانیایانەوە، دەڵێت: کە داواکارییەک دێتە لامان ئەوەی پێویست بێت بەپێی ڕێنماییەکان کارەکەی بۆی دەکەین، پاشان دەینێرین بۆ وەزارەت، کەسی داواکار خۆی دەچێتە وەزارەت، پاش وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بە نوسراو بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، ئەوکات ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە دەکەین، بەڵام مۆڵەتی نەبێت مامەڵەی لەگەڵ ناکەین.
دەشڵێت: سەرجەم کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن ئەبێت لەڕێگەی ئێمەوە مۆڵەت دەربکەن، بەبێ مۆڵەت پێی بزانرێت یان ئاگەدار بکرێینەوە پێیان دادەخەین.
هاوکات شێرزاد محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی پۆستە لە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: زۆربەی ئەو نوسینگانەی پۆستە کە هەن، لقی لاوەکین و لقی سەرەکییان لە سلێمانییە، لقی سەرەکی مۆڵەتی وەزارەتی هەیە و ئەوەلیاتیان هەیە و هەمویان ڕەزامەندیی ئاسایشیان هەیە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان.
لە بەرامبەردا، سەرمەد ئازاد، بەڕێوبەری نوسینگەی سامان پۆست لە کفری، دەڵێت: لقی سەرەکیمان لە سلێمانییە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشەوە مۆڵەتی هەیە، مۆڵەتی لقی سەرەکی بۆ هەمو پارێزگای سلێمانییە، ئێمەش ئەو مۆڵەتە بەکاردەهێنین لە شاری خۆمان، هیچ پەیوەندییەکمان بە ڕێکارە ئیدارییەکانیەوە نییە.
دەشڵێت: لەڕوی چاودێریی و ڕێنماییەوە زیاتر لایەنی ئەمنی و ئاسایش ناوبەناو سەردانمان دەکەن لێکۆڵینەوە دەکەن، کە خۆی دەبینێتەوە لە پشکنین، هەریەکە لە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و تەندروستی ڕێنماییان هەیە کە ئەو پۆستانەی وەک داودەرمان و شتێک ڕێکەوتی بەسەرچونی لەسەر نەبێت و ئەو شتانەی لە سنور گومرگ ناکرێن، قەدەغەیە بگوازرێنەوە.
لەبارەی نرخی پۆستە لە کەرتی تایبەتدا، سەرمەد ئازاد، بەڕێوبەری نوسینگەی سامان پۆست لە کفری ئاماژەی بەوەکرد: بۆ هەمو شارەکان نرخی گەیاندنی پۆستە ٤٥٠٠ دینارە، بۆ ناو خودی قەزای کفریش هەزار دینارە.
لەوەڵامی ئەوەی نرخی پۆستەی نوسینگەکانی پۆستەی ئەهلیی ئایا حکومەت دیارییدەکات یان نا؟ بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، وتی: ئێمە نرخ دیاریی ناکەین، کەرتی تایبەت خۆی نرخ بۆ خۆی دیاریی دەکات وەکو هەمو بازاڕ، بەڵام حکومەت کاتێک تەداخول دەکات کە ئەگەر بو بە «ئیستغلال کردن».
لەبارەی پاراستنی تایبەتمەندیی پۆستەکانیشەوە، سەرمەد ئازاد، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستەی سامان، دەڵێت: لە بازگەکان پۆستەکانی ئێمە هەندێکی کردنەوەی بۆدەکرێت، کە ئەمەش پەیوەندی بە ڕێکارەکانی ئاسایشەوە هەیە.

## ٣. خزمەتگوزارییەکانی بواری گەیاندن

### ا. هێڵی ناوخۆیی

بورهــان عەبدولڕەحمــان، بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان، دەڵێــت: لەبــواری گەیاندندا ئێســتا هێڵی تەلەفــۆن کارناکات، گەیاندنمان داوەتــە کەرتی تایبەت و خۆمان گەیاندنمان نییە.
هاوکات ئەحمەد ڕەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کفری، دەڵێت: بەهۆی بونی مۆبایلەوە کاری تەلەفۆناتمان نەماوە، ئێستە تەنها کاری پۆستە دەکەین.
یوســف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، بــاس لەوە دەکات: یەکێک لەکارەکانــی ئێمە پێش ئەوەی بەداڵە بدرێت بە کۆمپانیا، ئیشــوکاری بەداڵەمان هەبو، وەک چاککردنی هێڵــەکان چی لە دەرەوە و ناوەوە بێت لەســەر کارتی بەداڵەکان و کاری کێبــڵات و ڕێکخســتنی کاروبــاری ســەرجەم دامــودەزگا حکومییــەکان و هاوڵاتیانمــان دەکرد، بەڵام ئێســتا چونکە هێڵە ناوخۆییەکان نەماون، ئیشــوکارەکانمان لە ئێستادا تەنها لەبواری پۆستەدا ماوەتەوە.
بورهــان عەبدولڕەحمــان، بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان، ئامــاژە بــەوەدەکات: خزمەتگوزارییەکانی گەیانــدن کە خۆی لە هێڵــی تەلەفۆنی زەمینی دا دەبینێتەوە، لە ئێســتادا لە لایەن دو کۆمپانیاوە جێبەجێدەکرێت، بۆ هێڵەکانیش ئەوان جارێ جێبەجێیان نەکردوە و پرۆژەکە تەواو نەبوە، چونکە خزمەتگوزارییــەکان دەبێت هــەم ئینتەرنێت دابین بکەن بۆ ماڵان و هەم تەلەفۆن و ڤیدیۆ کە ئەمەش ســێ خزمەتگوزارییە لە یەک خزمەتگوزاریدا.

### ب. دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ فەرمانگەکان

یەکێک لەکارەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنی گەرمیان، دابینکردنــی ئینتەرنێتە بۆ فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان، کــە ئەمەش بەپێی گرێبەســت لەگــەڵ وەزارەتی گواســتنەوە و گەیاندن دا ئەم کارە دەکەن.
بورهــان عەبدولڕەحمــان، بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی گرێبەســت لەگەڵ وەزارەتی گواســتنەوە و گەیاندن، ئێمە لەڕێگەی کۆمپانیاوە ئینتەرنێتمان بۆ ســەرجەم فەرمانگــە و دامودەزگا حکومییــەکان دابینکردوە و وەکــو بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیان بەو کارە هەڵدەستین.
دەشڵێت: کاری حسابات ئێمە دەیکەین و پارە دەدەین بەکۆمپانیا، فەرمانگــەکان خۆیان هەقیــان نییە، ئەم کۆمپانیایە جیایە بەس کاری ئەوەیــە کــە ئینتەرنێت بۆ فەرمانگــە حکومییەکان دابین بکات.
هێماش بۆ ئەوە دەکات: فەرمانگەکان بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت دەبێــت داوا لــە بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیانــدن بکــەن کە پێویســتیان بە ئینتەرنێتە، لە ســەرەتادا پێویستی بە داوا نەبو بەهــۆی ئەوەی وەزارەت گرێبەســتی کردوە بــۆ فەرمانگەکان و ناوی فەرمانگەکان ڕادەســتی کۆمپانیــاکان کرابو، بەڵام لەدوای ئــەوەوە هەندێک فەرمانگەی تــازە دەکرێتەوە کە ناویان ئەوکات نەبوە، دەبێت داوا ئاراســتەی بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندن بکەن.
ئاماژە بەوەشدەکات: لە ئێستادا ٩٩,٩٪ ئەم کارە جێبەجێکراوە بۆ سەرجەم دامودەزگا حکومییەکان، ئێمە بڕی ئینتەرنێتیان بۆ دیاریدەکەین، تائێستا ئینتەرنێت بۆ ٢٨٠ فەرمانگە و دامودەزگای حکومیی لە سنوری گەرمیان دابینکراوە.
عیماد عەبدولخالق، لێپرسراوی هۆبەی تەکنیک لە بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: یەکێکی دیکە لەکارەکانی ئێمــە ئەوەیە کاتێک لە فەرمانگەیــەک هێڵی ئینتەرنێت دەبڕێت ئێمە خێرا چارەسەری دەکەین.

### ت. بەدواداچونی سکاڵای هاوڵاتیان

یەکێــک لــە ئەرکەکانــی لیژنەی گەیانــدن، بەدواچونی ســکاڵای هاوڵاتییانە لەبواری گەیاندن دا.
لەمبارەیــەوە، بورهان عەبدولڕەحمــان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: کاتێک هاوڵاتییەک سکاڵایەکی هەیە لە هەر بوارێکی گەیاندندا بێت، کە دێتە لای ئێمە لیژنەمان دەچــن چاودێریی و بەدواداچونی بۆدەکەن، دەچنە شــوێنەکە و لێی دەکۆڵنەوە، کێشــەی هاوڵاتییەکە لەلایەن چ کۆمپانیایەکەوە بێت لیژنەکە نوســراوی بۆدەکەن و چاودێریی دەکەن تا کێشەکە چارەسەر دەبێت.

### پ. چاودێرییکردنی کۆمپانیاکانی گەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان لەرێگەی لیژنەکانیەوە چاودێریی کۆمپانیاکانی گەیاندن و دەزگاکانی راگەیاندن دەکات و بۆ هەر بوارێک لیژنەی تایبەتی خۆی هەیە.
بورهــان عبدولڕەحمــان، بەرێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: بۆ هەر بوارێکی گەیاندن لیژنەیەکمان هەیە، لیژنەمان هەیە کە تایبەتە بە بەدواداچونی ئیشــوکارەکانی کۆمپانیاکان و ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، لیژنەمان هەیە کە تایبەتــە بە بورجەکان، لیژنەش هەیە ئێمە ئەندامین تیایدا کە بۆ ســیمکارتە کە ئەم لیژنەیە لە ئیــدارەی گەرمیانە و پەیوەندی بە بــواری گەیاندنەوە هەیە، بەڵام کارەکــە وەزارەتی ناوخۆ داویەتی بە ئیدارەی گەرمیان.

دەشڵێت: ئەرکی ئەو لیژنەیەمان کە چاودێری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دەکات ئەوەیە کە بزانرێت کێ مۆڵەتی هەیە و کێ مۆڵەتی نییە، لــەلای ئێمە ئەبێت هەموی تۆمارکرابێت، ئەم لیژنەیە ســێ مانگ یان شەش مانگ جارێک راپۆرت دەنوسن بۆ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی دەنێرن.
هــاوکات عیمــاد عەبدولخالــق، لێپرســراوی هۆبــەی تەکنیــک لە بەڕێوبەرایەتــی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان، دەڵێــت: کاری لیژنەکەمــان چاودێــری و سەرپەرشــتیکردنی ئینتەرنێــت و کۆمپانیاکانــی گەیاندنە کە رێکخســتن بــۆ کارەکانیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کاردەکەن یاخود نا.

» چاودێریی کۆمپانیاکانی گەیاندن دەکەین بۆ ئەوەی بزانین بەپێی ڕێنماییەکان کاردەکەن یاخود نا «

### ج. ڕێگەپێدان بە دانانی بورجی گەیاندن

عیماد عەبدولخالق، لێپرســراوی هۆبەی تەکنیک لە بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان، دەڵێت: چاودێریی ئــەو بورجانە دەکەین کە دادەنرێت، لەکاتی دانانی پێویستە رێنماییەکانی ئێمە جێبەجێبکرێت، بەبەردەوامی چاودێرییان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین بەپێی رێنماییەکان دانراون.
هاوکات بورهان عەبدولڕەحمان، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: کاتێک کۆمپانیایەک یاخود کەسێک دێت بۆ دانانی بورجێک ئەبێت لیژنەمان بچێت کەشــفی بۆ بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەم بورجە شــیاوە لەو شوێنە دابنرێت یان نا، ئەبێت لەسەر ئەو بنەمایە دابنرێت کە ئەبێت بەرزی چەند بێت و ئەو شوێنەی لەسەر دادەنرێت کۆنکرێت بێت.
دەشڵێت: ئەبێت بەڕێوبەرایەتی ژینگە چاودێریی ئەوەمان بۆ بکات کە ئایا ئەو فریکوێنسیانەی بورجەکان لە چوارچێوەی رێگەپێدراو دایە یاخود نا و رێنجی دیاریکراوی هەیە و کەی لەو رێنجە دەرچو کێشەی هەیە.
عیماد عەبدولخالق، لێپرســراوی بەشــی تەکنیک لە بەڕێوبەرایەتی پۆســتە و گەیاندنــی گەرمیــان، دەڵێت: ئــەو رێنماییانەی کە بۆ دانانی بورج دانراوە، لەسەر بنەمای تەندروستی دانراوە.

# بەشی دوەم: گرفتەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان

## ١. گرفتی قەیرانی دارایی

قەیرانی دارایی یەکێکە لەو گرفتانەی کاری کردوەتە سەر کاروباری سەرجەم فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان، بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیانیش لەو گرفتە بەدەر نییە.

ئەحمەد ڕەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کفری، دەڵێت: پۆستەکانمان کە لە ڕێگەی «ناقل بەرید»ـەوە دەبرێت، پارەی پێویستە بۆ کرێی ئۆتۆمبیل، ئەم پارەیەش خەرجکردنی زۆر دوادەکەوێت، تەنانەت پارەی ساڵی ٢٠٢١ لەم چەند ڕۆژەی ڕابردو بۆمان خەرجکراوە، هەروەها ئیفادی «ناقل بەرید» و خۆمان کە ڕۆژانە ئەچین بۆ کەلار و سلێمانی یان هەرشوێنێکی دیکە، پێمان نادرێت کە ئەمەش مایەی کێشەیە بۆمان.

هاوکات یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: پێشتر ئۆتۆمبیلمان هەبو ڕاستەوخۆ لە هەفتەیەکدا دو بۆ سێ جار پۆستمان دەبرد بۆ هەولێر و بەپێچەوانەشەوە ئەوەی لە هەولێر بو دەمانهێنایەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پۆستەکانمان دەبرێتە سلێمانی و لەوێوە دەبرێت بۆ هەولێر.



## ٢. گرفتی بینا

گرفتی بینا یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕوی بەشێکی زۆری فەرمانگە حکومییەکان بوەتەوە، یەکێک لەوانە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیانە.

یوسف غەفور، بەڕێوبەری نوسینگەی پۆستە و گەیاندنی کەلار، دەڵێت: بیناکەمان زۆرکۆنە، لە ساڵی ١٩٨٣ـوە دروستکراوە و نۆژەنەکراوەتەوە و وەکخۆیەتی، نوسینگەی پۆستەی کەلار و بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان پێکەوە لە بینایەکین، پێشتر پۆستەی کەلار لێرە بو، کە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی کەرکوک گۆڕا بۆ بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، لە دەربەندیخانەوە هاتنە بینای نوسینگەی پۆستەی کەلار.

هاوکات، بورهان عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، دەڵێت: بیناکەمان لە ئەنجامی بومەلەرزەکەوە هەندێک درزی تێکەوتوە، داوامانکردوە بۆ چاککردنەوەی و کەشفمان ناردوە، چاوەڕێین بۆ ئەوەی بۆمان چارەسەر بکەن.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، یەکێکە لە بەڕێوبەرایەتییە دێرینەکانی سنورەکە و لەسەرەتادا بەناوی کەرکوک و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە وەکو بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان بەردەوام بوە. ئەم بەڕێوبەرایەتییە دو نوسینگەی هەیە لە کەلار و کفری و تێکڕا (٨٩) فەرمانبەری هەیە.

٢. ئەگەرچی ئەم بەڕێوبەرایەتیە دو بەشی سەرەکییە (پۆستە و گەیاندن)، بەڵام لەئێستادا تەنها خزمەتگوزاریی لە بواری پۆستەدا هەیە و گەیاندن کە مەبەست لێی هێڵی تەلەفۆنی زەمینییە، چەند ساڵێکە نەماوە، بەڵکو ئەم بوارەش دراوە بە کەرتی تایبەت و بڕیارە کۆمپانیا لە ڕێگەی دابینکردنی ئینتەرنێتەوە هەستێت بە دابینکردنی هێڵی ناوخۆییش لەگەڵ ئەو هێڵەدا، بەڵام هێشتا بەگەڕ نەخراوە.

٣. هەرچی خزمەتگوزاریی بواری پۆستەیە، بەڕێوبەرایەتیەکە پۆستە دەگەیەنێتە ناوشارەکانی گەرمیان و هەرێم و عێراقیش، بەڵام چەند ساڵێکە ناردنی پۆستەی بۆ دەرەوەی وڵات راگرتوە بە فەرمانی وەزارەت، بەڵام پۆستەی لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆشەوە بۆ دێت.

٤. پۆستەی ناوخۆیی زۆرتر لەلایەن حکومەت و دامودەزگا فەرمییەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەمەش زیاتر بۆ گەیاندنی پۆستەیە بە شار و ناوچەکانی دیکە، ئەگینا بۆ ناوخۆی شارەکانی گەرمیان، زۆرجار دامودەزگاکان خۆیان بەریدی ناوخۆییان هەیە و خۆیان دەیگەیەنن.

٥. ڕێکارەکانی کارکردنی پۆستە لە بەڕێوبەرایەتییەکە مەرکەزییە و لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە دانراون و کاریان لەسەر دەکرێت، نرخەکانیش مەرکەزین و بەپێی کێشی پۆستەکانن، لە بری پارەش، پول لە زەرفی پۆستەکان دەدرێت کە ئەو پولانە لەلایەن ئەو کەسەی پۆستەکە دەنێردرێت دەکڕدرێت و چەندین جۆری هە یە .

٦. پۆستەکان کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیانەوە دەنێردرێن، بەوتەی بەرپرسانی بەڕێوبەرایەتیەکە، رادەی پارێزراوییان باشە و ناکرێنەوە.

٧. لەپاڵ بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان، ژمارەیەک کۆمپانیا و نوسینگەی کەرتی تایبەت هەن کە کاری گەیاندنی پۆستە دەکەن، بەڵام لەگەرمیاندا ژمارەیان سنوردارە و زۆرتریش لقن وەک لەوەی کۆمپانیایەکی سەرەکیی بن. ئەمان هیچ پەیوەندییەکیان بە بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیانەوە نییە، بەڵام لایەنە ئیدارییی و ئەمنیی و تەندروستییەکان ئاگادار و چاودێریانن.

٨. نرخی پۆستە لە کۆمپانیا و نوسینگەکانی کەرتی تایبەت جیاوازە و کۆمپانیاکان خۆیان دایدەنێن و بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان دەڵێت ئاگاداری نرخ دانانیان نیین.

٩. لە بواری گەیاندن دا، ئیشوکارەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندن تەنها لەوەدا چڕ بوەتەوە کە ئینتەرنێت لە ڕێگەی کۆمپانیاوە بۆ دامودەزگا حکومییەکانی سنورەکە بەبێبەرامبەر دابین بکات. کارەکانی دیکەی ئەم بوارەی زیاتر چاودێرییە، لەنمونەی چاودێریی کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و دامودەزگا میدیاییەکان. هەروەک بەدواداچون بۆ ئەو سکاڵایانەی هاوڵاتیان دەکات کە لە بواری گەیاندن و لەسەر کۆمپانیاکان هەیانبێت.

١٠. لەدانانی بورجەکانی گەیاندن و پەیوەندییدا، بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان لیژنەی تایبەتی هەیە و بەدواداچون بۆ ئەم بوارە دەکات و ڕەزامەندیی دەدات بە دانانی بورجەکان و بەپێچەوانەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە ژمارەیەک ڕێنمایی کە لە وەزارەتەوە پێیان دراوە.

١١. بەڕێوبەرایەتیەکە ژمارەیەک کێشەی هەیە، لەنمونەی کێشەی دارایی و کەڵەکەبونی ئەو قەرز و سولفانەی لەلای حکومەتن بەکاریگەریی قەیرانی دارایی، هەروەها کێشەی بینا و نەبونی بینای پێویست.

## دوەم: راسپاردەکان

١. کەرتی گواستنەوە و گەیاندن، لەو کەرتانەن کە پێویستیان بە رێکخستنەوەیە، چونکە دو کەرتی گرنگن و پەیوەستن بە ژیانی هاوڵاتیانەوە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، بۆیە پێویستە ئیشوکارەکانیان رێکبخرێتەوە بەشێوەیەک کە رەچاوی خێرایی خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتییان بکرێت و نوێ بکرێنەوە و بەپشتبەستن بە سیستەمە نوێیەکانی ئەم بوارە گەشەیان پێبدرێت.

٢. لەئێستادا بواری گەیاندن بە شێوەیەکی تەواو رادەستی کەرتی تایبەت کراوە، بەڵام ئەوەی لەم هەنگاوەدا زۆر حسابی بۆ نەکراوە، رۆڵی کەرتی حکومییە. وایدەبینین کە دوای رادەستکردنی بواری گەیاندن بە کەرتی تایبەت، پێویستە رۆڵی حکومەت لەم بوارەدا بەهێز بێت، بەتایبەتیش لە بواری چاودێریی و هەڵسەنگاندن و لێپێچینەوەدا. بواری گەیاندن کێشەی زۆری هەیە و لەم نێوەندەدا مافی هاوڵاتیان بە بەردەوامیی پێشێل دەکرێت، بەڵام چاودێریی حکومەت و لێپێچینەوەی لە کۆمپانیاکان بە رادەی پێویست نییە. بۆیە دەبێت ئەم رۆڵەی حکومەت کاراتر بکرێت.

٣. بەشی زۆری هاوڵاتیان ئاگاداری خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی گەرمیان نین، ئەمەش بەهۆیەی توانای بەڕێوبەرایەتییەکە سنوردارە، هەروەک لەلایەکی تریشەوە رۆشنبیری هاوڵاتیان لەبارەی پۆستەوە هێندە بەربڵاو نییە.
بۆ ئەمە پێویستە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە ئەنجام بدرێت، تیایدا هاوڵاتیان ئاشنا بکرێن بەو خزمەتگوزارییانە، هەروەک خزمەتگوزارییەکانیش بە رادیەیەکی ئەوەندە ئاسان و خێرا بەردەست بخرێن، کە هاوڵاتی خۆی دەستپێشخەریی بکات بۆ بەکارهێنانیان.

٤. هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت بۆ بواری پۆستە گرنگە، چونکە لە دونیای ئێستادا زیاتر کۆمپانیاکانن ئەم بوارە بەڕێوەدەبەن نەک حکومەت، بەڵام دەبێت ئەم هاتنە ناوەوەیە رێکبخرێت و بەبێ بونی رێکاری پێویست نەهێڵرێتەوە، هەروەک خودی حکومەتیش چاودێرێکی چالاک و کارا بێت بەسەریانەوە، بۆ ئەوەی مافی هاوڵاتی بپارێزێت.
هەروەها لە بواری گەیاندنیشدا پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بوارەکەدا کاردەکەن لە سنورەکە، پابەند بن بەو خزمەتگوزارییانەی کە بڕیاربوە لە ناوچەکەدا بەگەڕی بخەن، لەنمونەی بەگەڕخستنی هێڵی تەلەفۆن و ڤیدیۆی ناوخۆیی.

٥. پێویستە حکومەت خۆی بەشدار بێت لە بەهێزکردنی کەرتی پۆستەدا، ئەویش بەوەی دەزگاکانی ناچار بکات کە پشت بە خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆستە ببەستن، نەک ئەوەی هەر دەزگایەک خۆی فەرمانبەر دابنێت بۆ گواستنەوەی پۆستەکانی کە رەنگە لە روی تێچونەوە زیاتر بکەوێت لەسەر حکومەت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net